مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# تنظيم وأنشطة الحزب الشيوعي بين عامي ١٩٥٨ و١٩٩١ في رواندز

م. سيران صالح إسماعيل

وزارة التربية/ مديرية تربية مركز اربيل

sairan.ismael@su.edu.krd

أ.م.د. سنور صباح صديق

جامعة صلاح الدين/ كلية الاداب/ العراق/ اربيل

snur.sediq@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** الحزب الشيوعي، رواندز، تنظيم، فعالية، البعث.

**كيفية اقتباس البحث**

إسماعيل , سيران صالح , سنور صباح صديق , تنظيم وأنشطة الحزب الشيوعي بين عامي ١٩٥٨ و١٩٩١ في رواندز,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# Organization and activities of the Communist Party between 1958-1991 in Rwandz

**Siran Saleh Ismail**
**Ministry of Education/Erbil Central Education Directorate**

**Dr. Sanour Sabah Sadiq**
**Salahaddin University/College of Arts/Irbil, Iraq**

**Keywords** : Communist Party ،Rawandiz ،Organization ،Activity ، Ba'ath.

**How To Cite This Article**
Ismail , Siran Saleh , Sanour Sabah Sadiq ,Organization and activities of the Communist Party between 1958-1991 in Rwandz,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
"The July 14 Revolution of 1958 constituted a historic turning point in the Iraqi political system, creating a favorable environment for the activation of overt party activities. In this context, the city of Rawanduz emerged as a vital center for political activity, where the Iraqi Communist Party managed to secure a strong popular base. During that era, broad segments of Rawanduz society were not only supporters of leftist ideology but were also staunch backers of Abd al-Karim Qasim's government.
However, following the February 8 coup of 1963 and the Ba'ath Party's rise to power, a radical shift occurred in the treatment of political forces. The new authority resorted to a policy of repression and assassination, and the Communist Party organizations in Rawanduz bore the lion's share of this persecution. These political and security pressures led a large number of party cadres and members to flee to mountainous areas and

participate in the armed struggle within the framework of the September Revolution, where they played influential roles in numerous epics and battles. Simultaneously, secret underground cells within the city continued their organizational activities to ensure their survival.
Following the announcement of the March 11 Manifesto of 1970, the Ba'ath regime adopted a 'divide and rule' strategy. By luring the Communist Party into the 'National and Progressive Nationalist Front,' it succeeded in creating a rift in the relations between the Party...


مستخلص:-

شكلت ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ منعطفا تاريخيا في النظام السياسي العراقي، حيث هيأت بيئة ملائمة لتفعيل النشاطات الحزبية العلنية. وفي هذا السياق، برزت مدينة رواندز كمركز حيوي للنشاط السياسي، حيث تمكن الحزب الشيوعي العراقي من ضمان قاعدة جماهيرية قوية لنفسه فيها. ولم تكن فئات واسعة من مجتمع رواندز في تلك الحقبة مؤيدة للأيديولوجية اليسارية فحسب، بل كانت أيضا من الداعمين الأشداء لحكومة عبد الكريم قاسم.

أما بعد انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ ووصول حزب البعث إلى السلطة، فقد حدث تحول راديكالي في كيفية التعامل مع القوى السياسية؛ حيث لجأت السلطة الجديدة إلى سياسة القمع والقتل، وكان لتنظيمات الحزب الشيوعي في رواندز نصيب الأسد من هذا الاضطهاد. أدت هذه الضغوط السياسية والأمنية إلى لجوء عدد كبير من كوادر وأعضاء الحزب إلى المناطق الجبلية والمشاركة في الكفاح المسلح ضمن إطار ثورة أيلول، حيث لعبوا أدوارا مؤثرة في العديد من الملاحم والبطولات. وفي الوقت ذاته، استمرت التنظيمات السرية داخل المدينة في نشاطاتها التنظيمية لضمان بقائها.

بعد إعلان بيان ١١ آذار ١٩٧٠، اتبع نظام البعث استراتيجية "فرق تسد"؛ فمن خلال استدراج الحزب الشيوعي إلى "الجبهة الوطنية والقومية التقدمية"، تمكن من إحداث شرخ في العلاقات بين الحزب **الديمقراطي الكردستاني** والحزب الشيوعي. مرت هذه المرحلة بنوع من عدم الاستقرار في العلاقات الكردية، لكن هذا التحالف التكتيكي لم يدم طويلا ففي نهاية السبعينيات (وتحديدا عام ١٩٧٩)، عاود نظام البعث حملات الاعتقال العشوائي والمطاردة ضد الشيوعيين.

هذا التحول السياسي دفع الحزب الشيوعي للجوء إلى الجبال مرة أخرى واستئناف الكفاح المسلح ضد النظام. وفي هذه المرحلة العصيبة، ظلت تنظيمات رواندز الداخلية تعمل كمركز مهم للدعم والنشاط السياسي، وحالت دون اضمحلال الحركة في تلك المنطقة




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# ڕێکخستن و چالاکییەکانی حزبی شیوعی لە نێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٩١ لە ڕواندز

سیران صالح ئیسماعیل

وەزارەتی پەروەردە/بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر

د.سانور سەباح سدیق

زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئاداب/هەولێر، عێراق

**پوختە**

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی لە سیستەمی سیاسی عێراقدا، ژینگەیەکی لەباری بۆ کاراییکردنی چالاکییە حزبییە ئاشکراکان ڕەخساند. لەم چوارچێوەیەدا، شاری ڕواندز وەک ناوەندێکی زیندووی چالاکی سیاسی دەرکەوت، کە تێیدا حزبی شیوعی عێراق توانی پێگەیەکی جەماوەریی بەهێز بۆ خۆی مسۆگەر بکات. پانتاییەکی فراوان لە کۆمەڵگەی ڕواندز لەو سەردەمەدا نەک هەر لایەنگری ئایدۆلۆژیای چەپ بوون، بەڵکو پشتیوانێکی سەرسەختی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمیش بوون، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و هاتنە حزبی بەعس بۆ سەر حوکم، گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵ هێزە سیاسییەکان هاتە ئاراوە. دەسەڵاتی نوێ پەنای بۆ سیاسەتی سەرکوتکردن و کوشتن برد، کە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە ڕواندز پشکی شێریان لەو چەوسانەوەیە بەرکەوت. ئەم فشارە سیاسی و ئەمنییانە بوونە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی حزب ڕوو لە ناوچە شاخاوییەکان بکەن و لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلوولدا بەشداری لە خەباتی چەکداریدا بکەن، کە تێیدا لە چەندین داستان و نەبەردیدا ڕۆڵی کاریگەریان گێڕا هاوکات ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار بەردەوام بوون لە چالاکییە ڕێکخراوەییەکانی خۆیان بۆ پاراستنی مانەوەی لە دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ڕژێمی بەعس ستراتیژیەتی "پەرتکە و زاڵبە"ی پەیڕەو کرد لە ڕێگەی ڕاکێشانی حزبی شیوعی بۆ ناو "بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز"، توانی درز بخاتە نێوان پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی، ئەم قۆناغە بە جۆرێک لە ناسەقامگیری لە پەیوەندییە کوردییەکاندا تێپەڕی، بەڵام ئەم هاوپەیمانییە تاکتیکییە زۆری نەخایاند لە کۆتایی حەفتاکاندا (بەتایبەت ساڵی ١٩٧٩)، ڕژێمی بەعس جارێکی تر دەستی کردەوە بە هەڵمەتی ڕەشبگیری و ڕاوەدوونانی شیوعییەکان. ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە وایکرد حزبی شیوعی جارێکی تر ڕوو لە چیاکان بکاتەوە و خەباتی چەکداری لە دژی ڕژێم دەستپێبکاتەوە لەم قۆناغە سەختەشدا، ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی ڕواندز وەک ناوەندێکی گرنگی پشتیوانی و چالاکی سیاسی بە زیندوویی مانەوە و نەیانهێشت بزووتنەوەکە لەو ناوچەیەدا بپوکێتەوە.

**وشە کلیلیەکان: حزبی شیوعی، ڕواندز، ڕێکخستن، چالاکی، بەعس.**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە مێژووی سیاسی و ڕێکخراوەیی حزبی شیوعی دەکات لە قەزای ڕواندز، کە بەهۆی پێگە ستراتیژییە بازرگانییەکەی و ئاستی ڕۆشنبیریی دانیشتوانەکەی، ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەی بیروباوەڕی سیاسی هەبووە. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە سەرەڕای هەبوونی بنکەیەکی جەماوەریی فراوانی ئەم حزبە لە ناوچەکەدا، پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆ لەسەر مێژووی ڕێکخستنەکانیان لەم قەزایەدا نەکراوە.

توێژینەوەکە پشتی بە میتودی مێژوویی بەراوردکاری بەستووە. جگە لە بەکارهێنانی سەرچاوە نووسراوەکان وەک بیرەوەرییەکانی (زرار سلێمان بەگ، قادر مەلا ئەحمەد، و تۆفیق فەتاح)، تیشک خراوەتە سەر مێژووی زارەکی لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی خۆیان شایەتحاڵی ڕووداوەکان بوون. توێژینەوەکە ئاماژە بەو ئاستەنگانەش دەکات کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، وەک: کەمی سەرچاوەی نووسراو، لەدەستدانی یادەوەری لای هەندێک شایەتحاڵ و کۆچی دوایی زۆربەی کاراکتەرە سەرەکییەکان.

توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام لیستی سەرچاوەکان لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە:

١ .**تەوەرەی یەکەم (١٩٥٨-١٩٦٣) :**بە "سەردەمی زێڕین"ی حزب دادەنرێت؛ تێیدا تیشک دەخرێتە سەر پشتیوانی حزب بۆ حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکان و ئەو ناکۆکییە سیاسییانەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکەدا دروست بوون.

٢ .**تەوەرەی دووەم :**باس لە ڕۆڵی شیوعییەکان لە شۆڕشی ئەیلول و بەردەوامی ڕێکخستنە نهێنییەکان دەکات، هەروەها قۆناغی "بەرەی نیشتمانی" لەگەڵ حزبی بەعس و کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغە لە ساڵی ١٩٧٩.

٣ .**تەوەرەی سێیەم :**تیشک دەخاتە سەر قۆناغی دوای ١٩٧٩ و پەیوەستبوونی شیوعییەکان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان (خەباتی چەکداری) و چالاکییە نهێنییەکانی ناو شار تا ساڵی ١٩٩١.

توێژینەوەکە دەری دەخات کە حزبی شیوعی لە ڕواندز سەرەڕای دووجار ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوی گرتن و کوشتار لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە (١٩٦٣ و ١٩٧٩)، توانیویەتی لە ڕێگەی ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی و پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە، ئامادەیی سیاسی خۆی بپارێزێت و کاریگەری لەسەر هاوسەنگییە سیاسییەکانی ناوچەکە هەبێ.

لەکۆتاییدا هیچ کارێکی مرۆڤ بەدەر نیە لە کەموکوڕی ئەو توێژینەوەیەش بەشێکی کەمە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و کاری تەواو تەنها بۆ خودای گەورەیە

**باسی یەکەم: شیوعیەکانی رواندز لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم ١٩٥٨-١٩٦٣.**

شۆڕشی١٤ی تەمموزی١٩٥٨ ڕێگەی بە پارتە سیاسەکاندا کاری سیاسی خۆیان بە ئاشکرا ئەنجام بدەن، هەروەها لە دوای شۆڕش زۆربەی زیندانییە سیاسییەکان ئازادکران ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو کە چالاکیان بەهێز بێت، یەکێك لەو پارتانە حیزبی شیوعی عێراق بوو( القيسي، ٢٠١٤، ص٣١-٣٢) لەسەرەتای شۆڕش پشتگیری عەبدولکەریم قاسمیان کرد، خەڵکێکی زۆر پەیوەندیان بە حزب کرد و ڕۆژبەڕۆژ بنکەیان فراوانتر دەبوو( عومەر، ٢٠١٩،ل ١٩٦-١٩٧)، کوردستانیش بەدەر نەبوو لەو پەرسەندنە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان ژمارەی ئەندامانی لەزیاد بوون دابوو بە رواندزیشەوە، زۆربەی رواندز لایەنگری حیزبی شیوعی بوون و چەندین کەسایەتی بەناوبانگ ڕۆڵیان هەبوو لە ڕێکخستنەکانی شیوعی لە ڕواندز، لەدوای شۆڕش لە ڕواندز نوسینگەی حیزب بەناوی

(الاتحاد شعب) دامەزرا ( توفيق، ٢٠٠٨، ل٢٥)، خەڵكی كاولۆكان شیوعی بوون تەنها سێ كەس نەبێت كە لایەنگری شیوعی نەبوون یەكێك لەوانە شاكر ئاغا، تەنانەت بە كاولۆكان دەگوترا مۆسكۆی دووەم، لە دیارترینیان(تەها سەعید، شێخە سەعید، محەمەد ئەمین سەعید، یوسف جرجیس، سۆفی عەبدوڵڵا و چەندانی دیکە)(تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤).

شایانی باسە لە رواندزیش شیوعیەكان بە هێز بوون دیارترینیان حوسێن حاجی تاهر، حەسەن حاجی تاهر، عەلی مەكتەبە، شیخ سلێمان مستەفا، سیدا عومەر ئەحمەد، فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە مەلا حەسەن، ، ئەنوەر مستەفا مەزهەر، عەزیز مەلا حەكیم و تەقیەدین قادر سەعید، ساڵح سەعید و چەندانی دیكە شیوعی بوون(بەختیار عەلی عەبدوڵڵا عەبدولقادر، ٢٠٢٤/٩/٢٥؛ سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧؛ سەردار حوسین تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٨) زۆربەی شیوعیەكانی ڕواندز لە چایخانەی سەید جەبار كۆدەبوونەوە وەك بارەگایەك گفتوگۆی سیاسیان ئەنجامدەدا لەوانە(مەلا حەسەن، عەلی مەكتەبە، سەید ڕەشید عەزیز و چەندانی دیكە)(موسلح سەید جەبار، ٢٠٢٥/٨/٢٧) لە دەرگەڵە بنەماڵەی سلێمان دەرگەڵەیی، حەمەدەمین فەقی، مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی، ئەحمەدی كوڕی و مەلا سەعید لە ڕێكخستنەكانی شیوعی بوون( دەرگەڵیی، ٢٠١٨، ل٢٩؛ دەرگەڵەیی، ٢٠٢١،٩-ل٩١) ماوەیەك مەلا حەسەن بەرپرسی حیزب بوو لە دەرگەڵە( دەرگەڵەیی، ٢٠٢١، ل٨٧) سوفی عەبدوڵڵا لێپرسراوی كاولۆكان بوو و ئەندامی لێژنەی ڕواندز بووە(كەریم تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤).

شیوعیەكان لە ماوەیەكی كەمدا توانیان كۆنترۆلی گەلێك فەرمانگەی حكومی و زۆربەی ڕێكخراوەكانی میللی، پیشەیی و سەندیكاكان بكەن( البوتاني، ٢٠٠٧، ص ٩٧) وەك سەندیكای كرێكاران، كۆمەڵەی جوتیاران، یەكیتی قوتابیان، سەندیكای پیشەیی و چەندین ڕێكخراوی دیكە هەمووی سەر بە حزبی شیوعی بوون( عبدالكريم، بدون سنة، ص٤٥) هەروەها یەكێتی قوتابیانی گشتی یەكێك لە ئەندامەكانی حاجی مەلا سەعید ڕواندزی بوو، ناوبراو لە كۆنگرەی دووەم لە ١٦ی شوباتی١٩٥٩ لە بەغداد بەسترا بەشدار بوو( محمود، ٢٠١٧، ص٩-١٥).

ڕواندزییەكان بەشداریان كردووە لە میهرەجانی قوتابیان و لاوانی جیهان سەر بە شوعی بوو، لەوانە سەیدا وەستا عومەر ئەحمەد(١٩١٨-١٩٨٦) لەساڵی١٩٥٩ بۆتە نوێنەری لاوان كە لە نەمسا بەسترا (بەختیار عەلی عەبدوڵڵا عەبدولقادر، ٢٠٢٤/٩/٢٥)، ناوبراو گەڕایەوە رواندز بەشداری كۆبونەوەی سەندیكای مامۆستایان لقی ڕواندزی كرد كە بەبۆنەی ڕۆژی مافی ئادەمیزاد لە ١٧ی كانوونی یەكەمی١٩٥٩ بەسترا، لەم كۆبونەوەیە قایمقام، ئەفسەران و فەرمانبەرانی شار بەشدار بوون، ووتار دەربارەی مافی ئادەمیزاد لەلایەن م.تۆفیق فەتاح و ووتارێک بە زمانی عەرەبی لەلایەن گولیزار، جەلال سەعید خەیلانی و تەحسین تاهیر خوێندراوە بە ئامادەبوونی خەڵك لەم كۆبوونەوەیە گوێیان لە ووتارەكانی سەیدا عومەر گرت دەربارەی میهرەجانی ڤییەنا (ئازادی (ڕۆژنامە)، ژ٥٢، ١٩٦٠/١/١).

شایانی باسە لەساڵی ١٩٥٩ بڕیاری دامەزراندنی كۆمەڵی جوتیاران لە عێراق درا( الخفاجي، ٢٠١٨،ص ٦٨؛ العاني و اخرون، الجزء الثاني،٢٠٠٥، ص٣٠٢) لە ڕواندز تا سیدەكان حوسین حاجی تاهیر و عەلی مەكتەبە سەرپەرشتی دەكرد، ناوبراو هانی جوتیارانی كانەقوڕی دەدا كە خۆپشاندان ئەنجامبدەن، بەدروشمی(ئێمە گەلی كانیەقوڕن سەری خائینان دەبڕین) (سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧؛ سەردار حوسین تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٨).

عەلی مەكتەبە و فاخیر مێرگەسۆری لە ئاداری١٩٥٩ بەشداری كۆبوونەوەیەكیان كرد لە شاری هەولێر، لەم كۆبونەوەیە باسی چەندین بابەت كرا وەك پتەوكردنی ڕێكخستنەكان لە قەزا و ناحیە و گوندەكان و بەهێزكردنی كۆمەڵەی جوتیاران( هەریری،٢٠٠٩ ،ل١٠٤-١٠٥) لە لیوای هەولێر هەڵبژاردنی دەستەی كۆمەڵەی جوتیارانی هەولێر لەساڵی١٩٦٠ ئەنجامدرا كە

زیاتر لە چوارسەد و چوار كەس بەشدار بوون بە ئامادەبوونی موتەسەریفی هەولێر و یاریدەری و سەرۆكی دادگا و پۆلیس و ئەفسەری هەواڵگری هەڵبژاردن كرا یەكێك لە ئەندامەكان دەرچووەكان حوسین فەتاح ڕواندزی بوو(ئازادی(ڕۆژنامە)، ژ٢، ساڵی دووەم، ٥ ئایاری١٩٦٠) هەروەها یەكێتی ئافرەتان لقی ڕواندز دامەزرا، حەبیبە مستەفا مەزهەر[١]سەرپەرشتی دەكرد و شوكریە عەبدوڵڵا و شوكریە حەمەد ئەمین و چەندانی دیكە ئەندام بوون(بەختیار عەلی عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤/٩/٢٥؛ هاژە شێخ سلێمان، ٢٠٢٤/٩/٣).

شایانی باسە لە چالاكی حزبی شیوعی لە ڕواندز، چەند بریارێك لەلایەن عەبدولكەریم قاسم دەچوو كە لە بەرژوەندی گەلی عێراق بوو، خوشحاڵی خۆیان دەربڕیوە لەوانە هاتنە دەرەوەی عێراق لە پەیمانی بەغداد[٢]كە بووە مایەی خوشحاڵی وولات( الزبيدي، ١٩٨٢،ص ٥٠٨-٥١٣؛ العاني و اخرون، الجزء الثاني،٢٠٠٥، ص٢٣٤-٢٤٠) هەموو ڕێكخراوە دیموكراتییەكان لە٢٤ی ئازار بەبۆنەی نەورۆز و دەرچونی عێراق لە پەیمانی بەغداد ئاهەنگیان گێرا، هەر ڕێكخراوێك لە پێش بارەگای خویدا دروشمی بەرزكردەوە، هەروەها دروشمی كۆمەڵەی ئافرەتانی ڕواندز(دل شادین بە جەژنی نەورۆز و جەژنی ئازادی) لەم ئاهەنگە قایمقام و معاون پۆلیس و زۆر لە كاربەدەستان بەشدار بوون، هەر ڕێكخراوێك ووتاری خۆی خوێندەوە، وەك سەلاحەدین سەدیق یەكێتی قوتابیان، مامۆستا تەقیدین سەندیكای مامۆستایان، شێخ سلێمان ئاشتی خوازان، خالید سەدیق سەندیكای كرێكاران، گولیزار كۆمەڵەی ئافرەتان، مستەفا حاجی ئەحمەد كۆمەڵەی جوتیاران، قوتابی زرار عەبدوڵڵا شیعری خوێندووە، ناوەناوە سرودی نیشتمانی ئەوترایەوە (ئازادی(الجريده)، ژ٦، ١٩ی نیسانی١٩٦٠).

كۆمەڵەی ئافرەتانی كوردستان لقی ڕواندز بە یادی تێپەربوونی یەك ساڵ لە شۆڕشی١٤ی تەمموز دەستیانكرد بە ڕێپێوان لە سەرەوەی بازار تا بەردەم قوتابخانەی سەرەتایی كوران، چەندین ووتار خوێندرایەوە و برووسكەی پشتگیری جەماوەر بۆ ڕێپوانەكە بۆ داكۆكیكردن لە شۆڕش و دەستكەوتەكانی بوو(ڕواندزی، ٢٠١٤،ل٩٠) هەروەها بەبۆنەی جەژنی سوپای عێراق لەساڵی١٩٦٠لە حامیەی ڕواندز ئاهەنگ سازكرا، خەڵكی ڕواندز بەشداریان كرد، لەوانە زرار سلێمان بەگ، ئەنور محەمەد نەورۆز بەڕێوەبەری قوتابخانەی زۆزك، بەڕێوەبەری دواناوەندی ڕواندز ئەنور سلێمان، فەتاح تۆفیق ئاغا(دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢،ل ٢٢٣-٢٢٤)

جێی ئاماژەیە ناكۆكی پدك و حزبی شیوعی هەبوو، هەرچەندە ئەم دوو پارتە یەكیان گرت، بەڵام سەرنەكەوت(پارتی دیموكراتی كوردستنان مەكتەبی سیاسی، ١٩٩٧، ١٠٧-١١١) هەردوو لایەن پەرۆی زەرد و سوریان بەرز دەكردەوە، بەتایبەتی لەكاتی شایی كردندا(حازم كەریم قاسم كوردە، ٢٠٢٥/٩/٢٨).

هەروەها دوای دامەزراندنی داود جەنابی بە فەرماندەی تیپی دووی سوپای عێراق كە بارەگای لە كەركوك بوو شیوعیە توندڕەوەكان بە ئەندام پدك دەگوت بەعیسە كوردەكان، دەست درێژی و پێشلكارییەكان بۆ سەر ئەندامی پدك دەكرد لە ناوچەكانی كوردستان یەكێك لە ناوچەكان ڕواندز بوو، كە گەیشتە ڕادەیەك مەلا مستەفا داوای لە حكومەت كرد داود جەنابی لە تیپی دوو بگوازرێتەوە (مام خول، ٢٠٢٣،ل ٢٧).

سەرەرای ناكۆكی نێوانیان، حیزبی شیوعی لە كاتی هەڵگرساندنی شۆڕشی ئەیلول و بۆردومانكردنی گوندەكانی كوردستان لە ڕواندز خۆپشاندانیان ئەنجامدا دژی سیاسەتی عەبدولكەریم قاسم، لە بەشداربووان حوسێن حاجی تاهیر و حەسەن حاجی تاهیر و شیخ سلێمان و عەلی مەكتەبە و چەندانی دیكە(سەردار حوسێن حاجی تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٨).

چالاكييەكانی شیوعی لە ڕواندز بوو جێی نارەزایی كاربەدەستانی حكومەت، كادیرە ناسراوەكان هەریەكە بۆ لایەك دووردخرانەوە وەك حەسەن حاجی تاهر رەوانەی بەغداد كرا و شێخ سلێمان نیردرا بۆ سلێمانی و سەید عومەر رەوانەی مەخموور كرا، وایانزانی ئەگەر ئەمانە دووربخرێنەوە دەنگی شیوعی دەبڕن، بەڵام خەڵكی ڕواندز بەرامبەر حكومەت داخ لە دڵ بوون شەوێكیان ڕێكخستنەكانی رواندز لە ئەنجامی دوورخستنەوەی ئەم هاوڕێیانە دروشمی حزبی شیوعیان بڵاوكردەوە، ئەم دروشمانە لە هەموو شوێنەكان هەڵواسراو و فڕێدرا ماڵەكان، بەم كارە خەڵكی ڕواندزی سەریان سورما سەریان لە كاربەدەستان شێواند بەتایبەتی ئەوانی دەیانگوت شیوعی لە ڕواندز نەماوە(دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ٢٥٢؛ سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧؛ ڕۆناك حەسەن تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٦). شیوعیەكان لە ڕێكخستن بەردەوام بوون وەك تەقیدین قادر بەگ كە مامۆستا بوو لە گوندی ئاكۆیان چەند كەسیكی كردە شیوعی، ئەمەش بووە هۆی نارەزایی مەلا ئەمین بارزانی(سالار قادر بەگ، ٢٠٢٥/٩/٢٨) هەروەها خدر حوسێن لە گوندەكان جووتیارەكانی ڕێكدەخست و باسی مافی جووتیارانی دەكرد(حازم كەریم قاسم كوردە، ٢٠٢٥/٩/٢٨)، هەروەها سالح قادر بەگ لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣ ئەندامی ڕێكخستنی جوتیارانی حەوزی سۆران بوو لەگەڵ فەرنسۆ هەریری و فاخیر قادر (قادر بەگ، بێ ساڵی چاپ،ل٤٦)، ساڵی١٩٦٣ دژی عەبدولكەریم قاسم كودەتا ئەنجامدرا و بەعسیەكان هاتنە حوكم( الخراسان، ٢٠٠١، ص١١٥؛ مەلا مستەفا، بێ ساڵی چاپ،ص١١٠).

**باسی دووەم: بارودۆخی شیوعیەكان لەساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٩.**

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش بەیاننامەی ژمارە سێزدە بۆ لەناوبردنی شیوعیەكان لەلایەن سوپا و حەرەس قەومی(الخفاجي، ٢٠١٦،ص٢١-٦٢؛ كاظم حبيب، ٢٠١٣،ص٦٦-٧٤) دەركرد(الوقائع العراقية، ع٧٧١، ١٨شباط١٩٦٣،ص٣-٤) ئەم بەیاننامە مافێكی یاسایی بە ڕژانی خوێنی شیوعیەكاندا، چونكە دژی كودەتا وەستان(الخراسان، ٢٠٠١،ص١١٥؛ مستەفا، ٢٠١٧، ل١١٠).

شاری ڕواندز وەك ناوچەكانی دیكە ژمارەیەكی زۆری لایەنگرانی ئەم حزبەی لەخۆ دەگرت، هەربۆیە لەكاتی بڵاوكردنەوەی بەیاننامەكە كەوتنە ڕاونانی شیوعیەكان بەتایبەتی ئەوانەی ناسراو بوون، وەك هەوڵی گرتنی زرار بەگ درا، بەڵام توانی خۆی دەرباز بكات، لێرەدا ماڵی سلێمان دەرگەڵەیی بوو بە پەناگە بۆ شیوعیە هەڵاتووەكان وەك زرار كوڕی و حەمەدی عوڵای خۆشكانی و ڕەزاقی بۆریگەلالێ لە ماڵی سلێمان بەگ مانەوە چاوەروانی بارودۆخیان دەكرد توانیان ڕێكخستنەكان ڕێك بخەنەوە و پەیوەندیان بە شۆرش كرد(دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ل٢٧٠-٢٧١).

شایەنی باسە لەگەڵ دەركردنی بەیاننامەی شیوعیەكانی ڕواندز بەتایبەتی خەڵكی كاولۆكان بەشێكیان گیران ئەوانی دیكە ڕوویان كردە شاخەكان، لێرەدا خدر كاكیل(١٩٢٩-١٩٨٣) توانی خەڵكێكی زۆری بگەینێتە ئاكۆیان، دواتر گوندی كاولۆكان لەلایەن حەرەس قەومی سوتێندرا، چونكە زۆری شیوعی بوون(كەریم تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤؛ عوسمان، ٢٠١٣، ل٣٦؛ حازم كەریم قاسم كوردە، ٢٠٢٥/٩/٢٨)، هەندێك لە شیوعیەكانی ڕواندز لەوانە(مام ئەلیاس، محەمەد عەوڵای سلێمان، عومەر عەوڵا سلێمان، عەزیز عومەر، زەكۆ، ئەحمەد لەلە، حەسەن خەباز لەگەڵ ئەحمەد بۆرە) بەشەو لەماڵی حەمەد ئەمین دەبوون بەرۆژ دەچوونە گەلی مێگری، دواتر بۆ كەرەك، لەم ناوچەیە ژیانیان لە مەترسی دابوو، بۆیە گوازرانەوە بۆ بنكەی لۆغان[3] لە دۆڵی ئاكۆیان(ڕواندزی، ٢٠١٤، ص١١٨-١١٩).

ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق توشی كوشتن و گرتن بوون لەلایەن حەرەسی قەومی، هەر بۆیە زۆربەیان ڕوویانكردە كوردستان و پەیوەندیان بەشۆرش كرد، دوو هەڵوێستی جیاواز

دەربارەی وەرگرتنی شیوعیەکان هەبوو، باڵی مەکتەبی سیاسی بەتایبەتی ئیبراهم ئەحمەد هەڵوێستی دوژمنانەی پەیرەو کرد دژی هاتنیان وەستا و چەکی کردن، کەچی جەلال تاڵەبانی، عەلی عەبدوڵڵا و نوری شاویس بیروبۆچونیان جیاواز بوو لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد ڕایانگەیاند پێویستە داڵدەی شیوعیەکان بدەن و رزگاریان بکەن، تەنانەت جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی شاندی پارتی بوو لە بەغداد چەندین کەسی شیوعی گواستەوە بۆ کوردستان(ئەمین ،١٩٩٧، ل٦٩؛ نوری، ٢٠١٩،ل ٢٦؛ محمد ، ٢٠٠٦،ص ٨٢)، هەڵوێستی مەلا مستەفا پێشوازی لە شیوعیەکان کرد و برووسکەی بۆ هەموو تیپەکانی پێشمەرگە نارد رایگەیاند لە پێشوازی شیوعی بکەن ( ئەحمەد، ٢٠٠٧،ل٢١٢؛ الخراسان، ٢٠٠٢،ص ١١٩) لەسەر ئەم بڕیارەی مەلا مستەفا، داڵدەی شیوعیەکان درا لە ڕواندز لە بنکەی لۆغان داندران، ئەم شوێنەش لەسەر پێشنیاری زرار دەرگەڵەیی بوو، زرار دەرگەڵەیی لەگەڵ مام ئەلیاس، خدر کاکیل، ئیبراهیم سلێمان، حاجی حەسەن ئاغا و سدیق عەلا ئاغا گفتوگۆیان کرد تا لیژنەیەك ڕێکبخەن بۆ هەڵسوراندنی کارەکانیان و پەیوەندی بکەن بە زرار دەرگەڵەیی بۆ دابینکردنی پێویستیەکانیان( دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ل٢٧٦).

جێی ئاماژەیە ڕێکخستەکانی حزبی شیوعی لە ناوچەکانی دیکەش نامیلکەیان دژی کودەتا بڵاوکردۆتەوە لەکاتی کودەتا فاخیر مێرگەسۆری لە کەرکوك بوو، ناوبراو دەڵێت"لەناکاو لە دەرگا درا هاورێ(عزیز محمد)هاتە ژوورێ بەیاننامەیەکی بۆ هێنابن بە ئێمەی ڕاگەیاند کە کودەتا کراوە (دەبێ ئەو بەیاننامەیە بەزووترین کات چاپ بکەین بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێکی جەماوەری بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی کودەتاکە)، هەرچەندە فاخیر مێرگەسۆری ناساغ بوو، بەڵام ئەم بەیاننامانەی گواستەوە بۆ شوێنی مەبەست (مێرگەسۆری، ١٩٩٧،ل١٣٥) تەنانەت ئەندامانی حزبی شیوعی بەغدادیان جێهێشت و ڕوویانکردە کوردستان یەکێك لەوانە شوکریە حمەدئەمین ڕواندزی، لە دوایی هەواڵ بیستن لەگەڵ خوشکەزای و مێردەکەی گەڕانەوە کوردستان، چوونە ماڵی سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لە کاولۆکان، لەوێش ڕەوانەی بنکەی لۆغان کران، یەکەم ئافرەت بوو چووە بنکەی لۆغان(شوکریە حەمەدەمین ڕواندزی، ٢٠٢٤/٨/١١) شایانی باسی عەتیە عەبدولرەحمان یەکێك لەو ئافرەتە ئازایانە بوو، بە بیانووی جیا جیا دەهات بۆ هەولێر، چەندێن ئەو عەرەبانەی قوتار دەکرد کە لە دەستی ڕژێم ڕایاندەکرد و رادەستی سالح بەگ قادری دەکردن (عەتیە عەبدولرەحمان مستەفا، ٢٠٢٥/١٢/٢٤)

ژیانی شیوعیەکان لە لۆغان سەخت بوو، بۆیە خەڵکی ڕواندز و چەکدارەکانی سلێمان دەرگەڵەیی و ڕێکخراوی ئافرەتان پارە و خواردن و جلوبەرگ کۆکردەوە بۆیان ناردن(کەریم تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤؛ دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢ ،ل٢٧٢-٢٧٣) دواتر بنکەی شیوعییەکان گوازرایەوە بۆ دەرگەڵە، ئەم شوێنە لەدوو لایەنەوە گرنگی هەبوو لەلایەك بە ئازادی هاتوچۆ دەکەن لەلایەکی دیکەوە بە هاوکاری هێزەکانی سلێمان بەگ لە دوژمنیان دەدا بەمەش توانیان جێی خۆیان لە شۆڕشی ئەیلول بکەنەوە(دەرگەڵیەیی، ٢٠٠٢، ل٣١٨) هەروەها بنکەیان لە بەرسیرین دانا، ئەم بنکە بۆ سەرکردایەتی ئەفسەرە شیوعییەکان دانرا کە هاتنە ناو شۆڕشی ئەیلول( ئەحمەد، ٢٠٠٧،ل٢١٥) ئەم بنکەیە تەنها بۆ ڕواندزیەکان نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو شیوعیەك بوو کە لە عێراق ڕادەکات.

چەندین ئەفسەری عێراقی ڕوویان لەم بنکانە کرد ڕۆڵیان هەبوو لە شۆڕشی ئەیلول وەك ملازم ئیحسان، ڕەئیس کەمال نوعمان، ڕەئیس سەعید سلمان، ملازم کەریم، ملازم عەبدولرەحمان. ملازم ریاز، ملازم خدر(شوکریە حەمەدەمین ڕواندزی، ٢٠٢٤/٨/١١؛ دەرگەڵەیی، ٢٠١٨، ل٨٠) لە پاش کودەتای ١٩٦٣سالح قادر ڕواندزی سکرتێری لێژنەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

حزبی شیوعی ڕواندز بوو تا ساڵی١٩٧٣و ئەندامی لێژنەی قەزار ڕواندزیش بوو لەگەڵ مەلا غەفور، زرار سلیمان، ئەکرەم رەشید، مام ئەلیاس بە سەرپەرشتی نەجمەدین مامۆ و مەلا بەکر(رواندزی، بێ ساڵی چاپ، ل٤٦) زۆربەی ئافرەتەکانی ڕواندز کاری ڕێکخستنیان ئەنجامدەدا لەلایەن سالح قادر بەگ لە ڕواندز سەرپەرشتی دەکرا وەك عەتیە عەبدولرەحمان ناسراو بە عەتیە ئینزیبات و حەبیبە مەزهەر و حەلیمە جان و شوکریە عەبدولرەحمان، مانگێی جارێك یان دوو جار کۆبەنەوە لە ماڵی ساڵح بەگ یان ماڵی عەتیە عەبدولرەحمان ئەنجام دەدرا باسی بارودۆخی حزب دەکرا ( عەتیە عەبدولرەحمان مستەفا ٢٠٢٥/١٢/٢٤) زۆربەی ئافرەتانی ڕواندز کاری ڕێکخستنیان ئەنجامدەدا وەك دایکی سالار قادر بەیاننامەی حزبی کۆلان بە کۆلان دابەش دەکرد، لەساڵانی١٩٦٣-١٩٦٤ لە ڕواندز تا کاولۆکان لافیتەی حزبی شیوعی لە ستون و دیوارەکان هەڵدەواسرا دژی حکومەت لە ئەنجامدا یەکێك گیرا بەناوی فەتحوڵلا(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧).

شیاوی باسە لەناو زیندانیش کاری ڕێکخستنی دەکرا، وەك مەلا حەسەن نامەکانی بۆ نوسینگەی کۆمیتەی ناوخۆی دەنارد، نامەکانی ئەوانیش بۆ مەلا حەسەن دەچوو لەرێگەی کەسێك ناوی مەلا شەریف بوو شیوعی بوو و کاری چێشتلێنەری دەکرد لە گرتوخانەکە(تۆفیق، ٢٠٠٨،ل٣٨) هەروەها عەلی مەکتەبە دەستگیرا کرا تاساڵی ١٩٦٨ ئازاد نەکرا لە دوای عەلی مەکتەبە دکتۆر مەزهەر عەلی ئەمین سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی شیوعی کرد کە ئەفسەری سەربازی بوو، دکتۆر بوو لە نەخۆشخانەی سەربازی بەناوی(وحدة میدان طبیة في رواندز) ئەم نەخۆشخانەیە لەنزیك حامیەی ڕواندز بوو تایبەت بوو بە چارەسەرکردنی سەربازەکان، بەڵام ئەگەر ڕواندز و ناوچەکانی دەوروبەری سەردانی نەخۆشخانەی کردبایە هاوکاریان دەکردن، بەڵام لەساڵی ١٩٦٧ دەستگیر کرا لە دوای دکتۆر مەزهەر سالم سوڵتان کەمال ڕواندزی سەرپەرشتی ڕیکخستنەکانی کرد، سالم بەڵێندەر بوو لە سوپای عێراق کەلوپەل و خواردنی بۆ سوپای عێراق دەبرد دەستی لەناو سوپای عێراق هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ ئەفسەرە شیوعییەکانی ناو سوپا(بەختیار عەلی عەبدوڵلا، ٢٠٢٤/٩/٢٥) ڕیکخستنەکانی ئافرەتان لە ناو ڕواندز بەردەوام ئازوقە و جل و بەرگ و پارەیان کۆدەکردەوە لە ڕیگەی مام ئەلیاس دەنێردرا کە ناوبراو کوێدرێژێکی هەبوو کەل و پەلیان دەگواستەوە بۆ ناو پێشمەرگە، جارێکیان سەربازەکان ئەم کوێدرێژە دەگران و رادەکات تا دەگەیشتە ڕواندز دەچێتە ماڵی مام ئەلیاس، سەرباز دەست دەکەن بە پشکنیتی ماڵەکە و پێیان دەکەوێتە سەر منداڵیکی بچوك و منداڵەکە دەمرێت، (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەتیە عەبدولرەحمان مستەفا، هەولێر، ١/٢٤ژ٢٠٢٥/٢)

شایانی باسە حزبی شیوعی لە ساڵی١٩٦٦بڕیاری دا کۆنفراسی یەکەمی رێکخراوی کوردستان ببەسترێ لە گوندی(کەلیتە)[٤] ئەم کۆنفراسە چەند ڕۆژی خایاند، مەلا حەسەن بەشداربوو لەم کۆنگرە، بەهائەدین نوری بە سکرتێری کۆمیتەی هەرێم هەڵبژێردرا(فەتاح، ٢٠٠٨،ل٤٥-٤٦؛ نووری، ٢٠١٩، ل١٩) لەم کۆنفراسە بڕیاردرا ناوی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی کە لە کونگرەی دووەمی١٩٥٦ لێندرا بوو بکرێت بە هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی(دەباغ، ٢٠٢٢، ل٣١٢).

جێی ئاماژەیە ساڵی ١٩٦٧ ژمارەیەك لە شیوعیەکان بە سەرکردایەتی عەزیز حاج لە حزب جیابونەوە، ناوەندێکی سەرکردایەتیان پیکهێنا بە ناوی(القیادة المرکزیة)( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: القیسي، م.س، ص١٥٧-١٦٣؛ مستەفا، ٢٠١٧، ل١٧٤-١٨٠؛ نوری، ٢٠١٩، بەرگی دووەم، ل٤٨-٦٣) چەندین کەس پەیوەندیان پێوەکرد دووچاری گرتن هاتنەوە لەوانە قادر مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی و ڕەوانەی بەغدا کرا، تا ئەوکاتی عەزیز حاج لەسەر تەلەفزیون دانی بە هەندێك هەڵە نا ئینجا ناوبراو ئازاد کرا (دەرگەڵەیی، ٢٠١٨، ل١١٣-١٢٥) هەروەها

فاخیر مێرگەسۆری لایەنگری قیادەی مەرکەزی بوو، تەنانەت نامەی بۆ زرار دەرگەڵەیی نارد کە پەیوەندیان پێوەبکات و دەست بەسەر بارەگای هەرێمدا بگرن، بەڵام ناوبراو رازی نەبوو( دەرگەڵەیی، ۲۰۰۲، ل۳٦۰-۳٦۲).

بەهۆی هەڵمەتی گرتنی قیادەی مەرکەزی زۆربەیان رووپانکردە کوردستان و پەیوەندیان بە شۆرش کرد، لقێکی پێشمەرگە لە(ناوکێلەکان) گوندێکە لەنێوان گەلاڵە و باڵەکیان، کە بە چیا و رووبار دەوردراوە کرایەوە (مستەفا، ۲۰۱۷، ل۲٤٤-۲٤۸) کە بارەگای سەرەکیان بوو بێجگە لە ناوکێلەکان بارەگایان لە گوندی گوێزان، دارئەلسەلام کردەوە( چاوڕەش، ۲۰۱٤،ل۸۱).

کۆنفراسی سێیەمی حزب لە داربەسەری کۆیە لە کانونی یەکەمی۱۹٦۷بەسترا بە ئامادەبوونی (٥۷)ئەندام ماوەی(۱۰) رۆژی خایەند(الخرسان، ۲۰۰۱، ص۱۳۲؛ ئەحمەد، ۲۰۰۷، ل۲٤٥؛ محمود، ۲۰۱۳،ص٦۱) نوێنەرەکانی ڕواندز و باڵەك بەشداربوون لەوانە زرار دەرگەڵەیی، مەلا غەفور ڕایەتی، نەجمەدین مامۆ لەگەڵ ئەکرەم ئاکرەیی(دەرگەڵەیی، ۲۰۰۲، ل۳٦۳)، لەم کۆنفراسەدا ناوی لقی کوردستان کرا بە کۆمیتەی هەرێمی کوردستان، حزبی شیوعی عیراق بڕیاریدا بەرنامە و کۆنگرەی خۆی هەبێت لە حوزەیرانی۱۹٦۹ یەکەم کونگرەی هەرێمی کوردستان لە گوندی دەرگەڵە بەسترا ( بانیخێلانی، ۲۰۱٤، ل۲٦٦؛ دەباغ، ۲۰۲۲، ل۳۱۲؛ ئەحمەد، ۲۰۰۷، ل۲٤٦-۲٤۷).

مەکتەبی هەرێمی کوردستان بارەگای لە گوندی دەرگەڵە بوو(ئەحمەد بانیخێلانی، ۲۰۱٤، ۲٦۸) لەم گوندە چاپخانەیەکی گەورەی هەرێمیان هەبوو، لەگەڵ پیتەکان، رۆنیۆ، تایپ و پێویستییەکانی دیکە هەبوو کە ڕۆژنامە، نامیلکە و بڵاوکراوەی حیزب چاپ دەکرا، جەلال دەباغ کاری تێدا دەکرد بەسەرپەرشی زرار سلێمان دەرگەڵەیی(دەباغ، ۲۰۲۲، ل۱۲۹-۱۳۲) لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەر لەوانە ملازم خدر، ملازم ریاز و چەندانی دیکە کارگەیەکی بچوك بۆ دروستکردنی تەقەمەنی و نارنجۆك دروستکرا(بانیخێلانی، ۲۰۱٤، ل۲٥٤) کە پێویستیان بە ماددەی تی ئین تی و لولەی ئاسن بوو، سودیان لە بۆمبە نەتەقیوەکان وەرگرت و بارۆتی ناویان دەردەهێنا، بۆ لولەی ئاسن رێکخستەکانی ڕواندز لەوانە کەیفی قادر لەگەڵ چەند هاورێیەکی ستون یاریگای ڕواندزیان لێکردەوە، پارچە پارچەیان کرد و ڕەوانەی بنکەی شیوعیەکان کرد(کەریم تەها سەعید، ۲۰۲٤/۹/۲٤؛ سالار قادر سەعید، ۲۰۲٤/۱۰/۲۷).

جێی ئاماژەیە کۆنگرەی دووەمی حزبی شیوعی لە بناری چیای کارۆخ لە ناوچەی باڵەك بەسترا (نوری، ۲۰۱۹، بەرگی دووەم، ل۸۳-۸٤؛ محمود، ۲۰۱۳، ص۸۲-۸۸) لەگوندی دەرگەڵە کە کەریم ئەحمەد بەرپرسی هەرێم بوو داوای لە زرار دەرگەڵەیی کرد شوێنێك هەڵبژێرێت دوور بێت لەسەر رێگەی هاتووچۆ بۆ بەستنی کۆنگرە و بە نهێنی بمێنێتەوە، لە ئەنجامدا گوندی(کونێر) لە نزیك کانی فەقێیان هەڵبژارد، زرار دەرگەڵەیی شوێنەکەی دەسنیشانکرد کەپر و ساباتی دروستکرد، دابینکردنی خواردن و گواستنەوەی نوێنەران لە حافز بۆ شوێنی کۆنگرە لەئەستۆی زرار دەرگەڵەیی بوو، کۆنگرەکە چەند ڕۆژێکی خایەند و بە نهێنی ئەنجامدرا(دەرگەڵەیی، ۲۰۰۲، ل۳۷۳-۳۷٤) سلێمان بەگ دەرگەڵەیی میوانی ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرە بوو، لەپای میوانداری چەند ساڵەی گوندەکەی لە سەرکردایەتی شیوعی عەزیز محەمەد دەمانچەیەکی بەدیاری پێشکەش بە سلێمان دەرگەڵەیی کرد(کرمانج عزەت دەرگەڵەیی، ۲۰۲۱،ل ۲۱۹).

ڕێکخستنەکانی شیوعی لەساڵی۱۹۷۰ لەلایەن غەفار جەمال حەمەدئەمین ڕواندزی کە بە غەفار چاوشین ناسرا بوو سەرپەرشتی دەکرا لەساڵی۱۹۸۱بە دەستی جاشەکانی سەعید ئەسعەد شێتنە شەهید بوو(بەختیار عەلی عەبدوڵڵا، ۲۰۲٤/۹/۲٥؛ سەردار حوسین تاهیر، ۲۰۲٥/۱۰/۲۷) هەروەها بەسەرپەرشتی یەکێتی قوتابیانی گشتی لقی ڕواندزیشی دەکرد لە

ئەندامەکانی سالار قادر، کەریم تەها سەعید و بەختیار عەلی عەبدوڵڵا(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧) لەساڵی١٩٧١ مەلا حەسەن بەرپرسی قەزای ڕواندز حزبی شیوعی بوو(فەتاح، ٢٠٠٨،ل٥٣).

لە پیلانەکانی حزبی بەعس لەساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ نەخشەی بۆ کێشابوو، تێکدانی پەیوەندی هاوکاری و هاوپەیمانی نێوان شیوعی و پدك بوو، سەرەتا ئەو پیلانەیان بە دروستکردنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەنێوان رژێمی بەعس و پارتە سیاسەکان خۆی دەبینییەوە، لەساڵی١٩٧١ ئەم بیرۆکە هاتە گەلاڵە بوون، سەرەتا بڕیار بوو پدك و شیوعی بەشدار بن لەم بەرەیەدا بەڵام دواتر پدك کشایەوە(سەردار حوسین تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٧)داوای لە حزبی شیوعی کرد بەشداری پرۆژەکە بکات(عومەر، ٢٠١٩، ل٣٠٦) مەلا مستەفا ڕەشنوسێکی پێشکەشی حزبی شیوعی بۆ هاوکاریکردنی نێوانیان بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەم بەرەدا، حزبی شیوعی پێشنیاری خۆی هەبوو لەوانە فراوانکردنی بەرە کە حزبی بەعسیشی لەگەڵدا بێت، بەڵام مەلا مستەفا سوور بوو لەسەر پێکهێنانی بەرەی دوو قۆلی نێوان پدك و شیوعی(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ل١٣٣).

سەرکردایەتی شیوعی بۆ تاوتوکردنی ئەم پرۆژەیە لە تشرینی دووەمی١٩٧١ لە دەرگەڵە کۆبوونەوە، زۆربەی هاورێیانی کۆمیتەی هەرێم بەشداربوون لە کۆبوونەوەکە کێشە سەریهەڵدا، چونکە هاورێیانی هەرێم باوەریان بە بەعس نەبوو، بەڵام جەختیان کردەوە بچنە ناو بەرە بەمەرجێك حەقیقەتی بەعس لەبیر نەکەن و مەسەلەی وەرگرتنی دەسەڵات نەکرێتە قوربانی بەرە، هەر لەم کۆبوونەوە بریاری سەرەتایی درا بۆ پێکهێنانی بەرە(بانیخێڵانی، ٢٠١٤، ل٢٧٩) بەعسیەکان لەساڵی١٩٧٢ دوو پۆستی وەزاری بە حزبی شیوعی بەخشی کە عامر عەبدوڵڵا کرا بە وەزیری دەوڵەت، موکەرەم تالەبانیش بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە( الخرسان، ٢٠٠١،ص١٤٥).

لەکاتی دەنگدانی ئەم پرۆژەیە لیژنەی حزب کۆبوونەوە کە پازدە ئەندام بوون، هەشت ئەندام دژی بەرە بوون، بەڵام دووبارە دەنگدان کرایەوە ئەحمەد بانی خێلانی بۆچوونی خۆی گۆری چووە پاڵ حەوت کەسەکە بەمشێویە شیوعی چوو ناو بەرە( نوری، ٢٠١٩، چ٢، ل٩٧) لە ١٧ی تەمموزی١٩٧٣ ئەحمەد حەسەن بەکر و عەزیز محەمەد بەڵگەنامەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەییان واژوو کرد ( محمود، ٢٠١٣،ص٩٠) لەدوای ئەو رێککەوتنامەیە پەیوەندی پدك و شیوعی بەرەو گرژی رۆیشت، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ تێکچونی پەیوەندی نێوانیان ئەنجامەکەی بە هەڵگیرسانی شەڕ و پەلاماردانی خوێناوی گەیشت لەنێواندا(هەڵدنی، ٢٠٢٤، ل٥١).

شیوعیەکانی ڕواندز لەوانە شێخ سلێمان و مەلا حەسەن دژی ئەم بەرەیە وەستا(فتاح توفیق فتاح، ٢٠٠٨، ٥٣) تەنانەت شێخ سلێمان وازی لە حزبی شیوعی هێنا وەك لایەنگر مایەوە، بۆ ماوەیەك لەلایەن پدك گیرا(هاژە شێخ سلێمان، ٢٠٢٤/٩/٣) سالار قادر سەعیدیش دژی ئەم بەریە بوو، تەنانەت هەوڵدرا لەلایەن پدك دەستگیر بکرێت، بەڵام باوکی هاورێکی نزیکی مەلا مستەفا بۆیە دەستگیر نەکرا و ڕوویکردە هەولێر تاساڵی ١٩٧٥ نەگەرایەوە ڕواندز(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧) هەروەها زۆربەی خەڵکی کاولۆکان لە ماڵی سۆفی عەلی کۆبوونەوە دژی بەرە، نیوەی خەڵکی ڕواندز دژی بەرە بوون یەکێك لەوانە کەریم تەها سەعید، تەنانەت بارەگاکانی حزبی شیوعی لە حاجی ئۆمەران و ئازادی داخرا و مەلا غەفور لێپسراوی حاجی ئۆمەران گیرا، ناکۆکی گەیشتە ئەو ڕادەی کار بۆ شیوعیەکان دابین نەدەکرا، لە ئەنجامی گیران و نەبوونی کار کەریم تەها و خدر کاکیل و ماڵی جرجیس ڕواندزیان بەجێ هێشت(کەریم تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤).

پدك كەوتە گیانی شیوعیەکانی ڕواندز لێژنەی مەحەلی ڕواندز هەموویان گیران و شیوعیەکانی دۆلی رۆستێ هەموو کادیرانی شیوعی ئەزیەت دەدران دەم و چاویان ڕەش دەکرا لە گوندەکان دەگیران یەکێك لەوانە عەبدوڵڵا رۆستی زۆریان لێدا، دوکان و ماڵی عەلی مەکتەبە تاڵان کرا و کەلو پەلی ماڵیان خستە ناو دەربەند، بەڵام عەلی مەکتەبە ماوەیەك لەماڵی خدر کاکیل مایەوە دواتر چووە هەولێر، تەنانەت بڕیاردرا بەختیاری کوڕیان دەستگیر بکەن، بەڵام توانی ڕابکات بۆ هەولێر(بەختیار عەلی عەبدوڵڵا عەبدولقادر، ٢٠٢٤/٩/٢٥) هەروەها ڕزار دەرگەڵەیی ڕواندزی جێهێشت ڕوویکردە شاری بەغداد وەك مامۆستا لەوێ کاریکرد ماڵ و خانوی لە دەرگەڵە دەستی بەسەردا کرا بوو( دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ل٣٨٢-٣٨٥) هەروەها ماڵی حوسێن قادر کە هاوسەری عەتیە بوو، ڕواندزیان جێهێشت و ڕویان کردە هەولێر( عەتیە عەبدولرەحمان قادر، ٢٠٢٥/١٢/٢٤)

ئەمەش ئەوە دەگەێنێت ئەو ئەنجامەی بەعس ئامانجی لە پێکهێنانی ئەم بەرەیە دروستکردنی دووبەرەکی نێوان شیوعی و پدك بوو، ئەم کارەش بەمەبەستی لاوازکردنی شۆڕش و ڕازیکردنی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هەرچەندە حزبی شیوعی نەدەبوایە لەژێر کارتێکردنی سۆڤیەت بچێتە ناو ئەو بەرەیە و دووبارە باوەڕ بە بەعس بکاتەوە، کە بووە هۆی لەدەستدانی بنکەی جەماوەری لە کوردستان.

جێی ئاماژەیە دوای نسکۆی١٩٧٥ شیوعیەکان گەڕانەوە ڕواندز و بارەگایان کردەوە بە سەرپەرشتی خدر حوسێن و خدر ڕووسی، بەڵام ئەم بارەگایە یەك ساڵ بەردەوام بوو و نزیکەی بیست پێشمەرگەی لێبوو، لەوانە حازم کەریم قاسم و سالار قادر ئاغا(بەختیار عەلی عەبدوڵڵا عەبدولقادر، ٢٠٢٤/٩/٢٥؛ حازم کەریم قاسم کوردە، ٢٠٢٥/٩/٢٨؛ سالار قادر بەگ، ٢٠٢٥/٩/٢٨) لەساڵی ١٩٧٦ خدر روسی لێپسراوی ڕواندز بوو، لە کۆتایی ئەم ساڵەدا کۆنفراسی مەحەلی لە ڕواندز بەسترا و کەریم تەها بەشدار بوو، باسی بارودۆخی حزب کرا(کەریم تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤).

**باسی سێیەم: شیوعیەکانی ڕواندز لە نێوان ساڵانی١٩٧٩-١٩٩١**

هەرچەندە حزبی شیوعی تاساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ حکومەت دابوون، بەڵام ئەندامەکانیيان توشی گرتن و ئەشکەنجەدان دەبوونەوە وەك گرتنی بەختیار عەلی عەبدوڵڵا، سەرباز خورشید و سەرباز خدر کە خەڵکی دۆلی ئاکویان بوو، بەختیار قوتابی لە کۆلیژی عەسکەری بەشی یاسا بوو بە ئەفسەری یاسا دەردەچوو، کەسێکی خەڵکی باڵەکایەتی سکاڵای تۆمارکرد ووتی "بەختیار کوڕی لێپسراوێکی شیوعییە"، گیرا تا ساڵی١٩٧٩ بەتۆمەتی کارکردن لە ڕێکخستنەکانی حزب تا سەدام حوسێنی سەرۆك کۆمار لێخۆشبوونی دەرکرد بەپێی بڕیاری ژمارە١٠٧٣ ئازاد کران(بەختیار عەلی عەبدوڵڵا عەبدولقادر، ٢٠٢٤/٩/٢٥) ئەندامەکانی حزب لە ساڵی١٩٧٨وەك مەهدی ئیبراهیم و رینجبەر ئەحمەد دێوانە و شێروان محەمەد و لافتیەکان دەنووسی بۆ لایەنگری بەرەی نیشتمانی عێراق کرد لە سوریا، لە بازار و مزگەوت و ماڵی ئەسعەد شێتنە و گەرەکی سەرەوە هەڵواسی(مەهدی ئیبراهیم، ٢٠٢٥/١١/٢٣)

جێی ئاماژەیە کادیرانی حیزبی شیوعی عێراق لە خۆلی حزبی شیوعی لە موسکۆ بەشدار بوون، چەندین وانە دەخوێنرا وەك ئابووری، سیاسی، فەلسەفە، بزاڤی شیوعی، بواری کارکردن لەناو جەماوەر لەگەڵ تاقیکردنەوەی حزبی شیوعی سۆڤیەت، وانەکان بەزمانی عەرەبی دەگوتراوە، ژمارەیەکی کەم نەبێت بە زمانی روسی وانەیان دەووتەوە، خولەکە ماوەی ساڵێك بوو، مەلا حەسەن لەساڵی١٩٧٧ و١٩٨٣ بەشداری ئەو خولانەی کردووە(تۆفیق، ٢٠٠٨، ل٧٥) هەروەها کادیرانی شیوعی لەساڵی١٩٨٤دا بەشداری خولی پێشکەووتووی حزبیان کردووە لە کۆماری یەمەنی گەلی دیموکراتی بەشداریان کردووە، ئەم خولە ماوەی دوو ساڵ و سێ مانگ بەردەوام بوو، یەکێك لەوانەی بەشدار بووە بەختیار عەلی مەکتەبە بووە کە

بە کادیری پێشکەوتنی حزب دەرچووە(بەختیار عەلی عەبدوڵلا عەبدولقادر، ٢٠٢٤/٩/٢٥) هەروەها سەردار حوسێن نێردرا بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ تەواو کردنی خوێندنی پزیشکی، لە ساڵی١٩٨٤گەرایەوە یەکسەر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کرد کە ناسراو بوو بە دکتۆر غەفار(سەردار حوسێن تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٧).

بەرەی نێوان حکومەت و شیوعی زۆری نەخایەند و زۆربەی ئەندامەکانی حزب توشی ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان بوون، هەربۆیە زۆر ئەندامەکان روویانکرد ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، جارێکی دیکە هێزی چەکداریان پێکهێنا، ئەندامەکانی ڕیکخراوی هەرێمی کوردستان حزبی شیوعی بارەگایان لەسەر سنوری ئێران و تورکیا بوو(الخرسان، ٢٠٠١، ص١٧٣؛ ساڵح، ٢٠٢١، ل ٢٨٥؛ تەیب، ٢٠١٢، ل١٣٥-١٣٦) بارەگایەکیان لە خڕی ناوزەنگ بوو کە جەلال تاڵەبانی ڕیگەپێدان لە دۆڵێکی چیای مامەند بنکەی شیوعی دابنێن(ئەمین، ١٩٩٧، ل٣٠-٣١؛ ئەحمەد، ٢٠٠٧،ل ٢٨٦) مەفرەزی حزبی شیوعی دروستکرا لە ناوزنگ یەکیان بەسەرپەرشتی خدر حوسێن بوو یەکێك لە پێشمەرگەکان حازم کەریم قاسم و مەهدی ئیبراهیم و سلام کەریم و منداڵەکانی مام ئەلیاس لەگەل مەفرەزە بوون(حازم کەریم قاسم کوردە، ٢٠٢٥/٩/٢٨؛ مەهدی ئیبراهیم، ٢٠٢٥/١١/٢٣).

جگە لەمە لە بەلەبزان گوندێکە لە سنوری رۆژهەڵاتی ئێران و لە بادینان دوو بنکەیان هەبوو لە دۆڵی کۆمتە و گۆستە بارەگایان لە رۆستێ هەبوو(جەمال فەتحوڵلا تەیب، ٢٠١٢، ١٣٣؛ کاکیل، ٢٠١٦، ل٣٩) بارەگایان لە پشتاشان و قڕناقە و لێوژە هەبوو(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧) زۆربەی ڕێکخراوەکانی شیوعی لە دوای نەمانی بەرەکە تێکچوو، بۆیە لە ٨ی حوزەیرانی١٩٧٩ کۆبونەوەیەکی حزبی بەسترا بۆ مەبەستی دروستکردنەوەی شیرازەی ڕێکخراوە حزب لە ناوچەکانی کوردستان یەکێك لە ناوچەکان ڕواندز بوو( رسول، بەرگی یەکەم ، ١٩٩٢، ل٧٣).

کۆمیتەی سەربازی سازکرد بڕیاری پێکهێنانی بەتالیۆنیاندا یەکێکیان بەتالیۆنی پێنجی هەولێر بوو بارەگای لە باڵەك و ڕواندز بوو عەلی حەمە عەزیز ناسراو بە(عەلی کلاشنکۆف) فەرماندەی ئەم بەتالیۆنە بوو کە شارەزایی ناوچەکە بوو(ئەحمەد بانیخێلانی، ٢٠١٤، ٣٥٢) بۆ ڕواندزییەکان سریەك دامەزرا بەناوی سریەی ڕواندز لە(١٨)کەس پێکهاتبوو لەلایەن محەمەد وەستا(محەمەد ئەمین ناسراو بە یوریگارگاری) سەرپەرشتی دەکرا لەگەڵ وەستا خالید و وەستا ئەحمەد هەر سێك برا بوون و بروسك و شەماڵ و جەمیل ڕەنجبەر و سالارقادر، بارەگا ئەم سریە لە تارییتان لە دۆڵی مەلەکان داندرا تا ساڵی١٩٨٣ لەو ناوچە مانەوە(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧).

حازم کەریم قاسم سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی دەکرد لە بەسرە(حازم کەریم قاسم کوردە، ٢٠٢٥/٩/٢٨)کەریم تەها سەعید لە ڕێکخستنەکانی حازم کەریم بوو، ناوبراو سەرباز بوو سەرپەرشتی شانەکانی باشوری عێراق دەکرد، حەمید شێخە، عەزیز بایز و شێخ سلێمان ئیبراهیم لە ڕێکخستنەکان کاریان دەکرد نامەیان دەهێنا و دەبرد(کەریم تەها سەعید، ٢٠٢٤/٩/٢٤) مەهدی ئیبراهیم سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ڕواندز دەکرد و شانەکە بە ناوی شەهید خدر حوسێن لە ئەندامەکان کاکە ڕەش قادر فەتاح و ماجید سوفی و سامی ئیبراهیم و دلێر ڕەشێد بای، لە چالاکییەکانیان لە یادی حزبی شیوعی بڵاوکراوە و پۆستەری شەهیدان لە ڕواندز هەڵدەواسی، ئەم بڵاکراوانە لە دەرگەڵە لەلایەن عەبدوڵلا حەسەن دەهات و مستەفا حەمەدەمین ناسراو بە زیکۆ و حاکم تۆفیق شانەیان لە ڕواندز بەرێوە دەبرد، هەروەها مەهدی ئیبراهیم سەرپەرشتی کۆمەڵێك ئافرەتی کردوە وەك رووخۆش سلێمان و ئامینە بایز و عەتیە و سەبریە(مەهدی ئیبراهیم، ١١/ ٢٠٢٥/٢٣).

ڕێکخستنەکانی رواندز پەیوەندیەکان تاکە کەسی بوون لە ترسی رژێم، هەروەها حزب پارەی بۆ بنەماڵە شەهیدەکانی رواندز دەنارد بە بڕی دە دینار ئەم کارە لەلایەن سالار قادر ئەنجامدراوە و زۆربەی نامەی پێشمەرگەکانی بەسرە، نەجەف، کەربەلا و شارەکانی دیکە لەلایەن شەوقی قادر سەعید و دایکی دەبردرا بۆ لای بنەماڵەکان(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧) جەنگی ئیران و عێراق هۆکار بوو کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرە دروست بکەن دژی رژێم بەرەی جوقد(٥)و بەرەی جود(٦) دامەزرا(سروە قادر سمایل، ٢٠١٠، ١٨-٣١) کە زیانی بۆ کورد هەبوو شەڕی ناوخۆیی لەنێوان هێزە کوردییەکاندا، لەجیاتی ئەوەی هێز بەرامبەر ڕژێمی عێراق بەکاربهێنن، دژی یەکتر بەکاریانهێنا( کۆچێرا، ٢٠٠٢،ل٦٣-٦٤).

شەڕی ینك و شیوعی لەساڵی١٩٨١ دەستیپێکرد عەبدوڵڵا ماویلی ئامر مەفرەزەی جاش بوو پەیوەندی بە شیوعییەکان کرد، بووە هۆی نیگەرانی پدك و حسك و ینك، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی بە کوشتن دابوو، بەتایبەتی خەڵکی باڵەك، چونکە پێشمەرگەکان کە عەبدوڵڵا ماوەیلی ڕادەستی حکومەتی کردن و لەسێدارەدران، هەربۆیە کە پەیوەندی بە شیوعی کرد، بنەماڵەی لە سێدارە دراوەکان تورە دەبن ڕایانگەیاند کە تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە جەلال تاڵەبانی داوای لە شیوعییەکان کرد لە ناوچەکە دووریبخەنەوە، بەڵام شیوعییەکان لە بارەگای وەرتییان دانا کە پێشمەرگەکان لە دەرگەڵە توشی دەبن، کەوتنە دوای لە ٥ی ئەیلولی١٩٨١ ناوبراو لە ماڵەوە خۆی قایم دەکات و دەبێتە شەڕە تەقە و دەکوژرێت شیوعیەکان بە سەرکردایەتی عەلی کلاشنکۆف لە گوندی گەرەوان دەبن بەناوی بانگێشت وەسمان بەگ گەرەوانی کە فەرماندەی کەرت بوو لەگەڵ حەمە لاو و چوار پێشمەرگە لە مزگەوت دەکوژێت( خدر، ٢٠١٢، ل٦٣؛ کاکە، ٢٠٠٠، ل٢٢٠).

لە ئەنجامدا شەڕ و پێکدادن لە نێوان شیوعی و ینك ڕوویدا، شیوعیەکان هێرشیان کردە سەر دۆڵی خانەقا و وەرتێ و زینوێ ئەستێرۆکان دواتر ینك هێرشی کردە سەر بەتالیۆنی شیوعی لە وەرتێ، شیوعییەکان چوونە چیای کارۆخ، شیوعیەکان ئاگاداری جەلال تاڵەبانی کردەوە، ناوبراو فەرمانی کرد کە دەوری شیوعییەکان بەردەن و شەر کۆتایی بێت و هەر کەسە بچێتەوە شوێنی خۆی، لە ئەنجامدا پەیوەندیان ئاسایی بۆتەوە(نوری، ٢٠١٩،بەرگی دووەم، ل١٨٨؛ ئەمین، ١٩٩٧، ل٢١٣).

یەکەم چالاکی سریەی ڕواندز هێرشیان کردە سەر ڕەبایەیەك لە بێخاڵ، بەڵام ڕەبایەکیان پێ نەگیرا دوو شەهید و دوو بریندارياندا، بەڵام لەساڵی١٩٨٢ چالاکییان لە گەلی عەلی بەگ ئەنجامدا، هێرشیان کردە سەر ڕەبایەك بە ئارپێچی لە ڕەبایەکەدا شەش سەرباز کوژرا و دوو سەربازیش بە دیل گیران(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧)، خدر کاکیل لە گرتنی ڕەبایەکان لێزان و شارەزا بوو لەوانە گرتنی ڕەبایەی سەری سیرین کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی هاملتۆن بەرامبەر گوندی بەرسیرین، خدر کاکیل پارچە دارێکی لە زەوی دەچەقاند بۆ ئەوەی بزانی مین لە کوێیە بەو دارە ئاشکری دەکرد، نارۆنجۆکیان دەخستە ناو ڕەبایەکە و دەستیان بەسەر دادەگرت، هەروەها ڕەبایەی حکومەت لە کۆسپی سپی بوو، خدر کاکیل لەگەڵ(٢٣) پێشمەرگە چوون توانیان ڕەبایەکە بگرن شیوعیەکان یەك شەهیدیاندا بەناوی خدر نەجمەدین ناسراو بە خدر کدولە( کاکیل، ٢٠١٦، ل٥٣-٥٤).

بەرەی جود بەتایبەتی هێزی شیوعی و حسك لەساڵی١٩٨٣ توشی گەورەترین شکست و زیان بوون لەسەر دەستی هێزەکانی ینك، هێرشکرایە سەر بارەگای حزب لە پشتئاشان و ئاشقوکە چەندین پێشمەرگە کوژرا(بانیخێلانی، ٢٠١٤، ل٤٦٥-٤٦٧؛ الخرسان، ٢٠٠١، ل١٨٥-١٨٦) لە دوای ئەم ڕووداوە حزبی شیوعی چوونە گوندی دەروار لە ناوچەی خێلی لۆلان( فاتح، ١٩٩٢، بەرگی دووەم، ل٢٧٤) چەند ڕواندزیەک شەهید بوون لەوانە خدر کاکیل لە حزبی

شیوعی و حاجی مستەفا و عیسامەدین مەلا و برایم ئەحمەد ڕەسول لە ینك(فاتح، ١٩٩٤، بەرگی سێیەم، ل٣٣٥-٣٣٩) نزیکەی (٤٢) دیلی پشتئاشان لەبەندیخانەی وەرتێ زیندانی کرد، بەڵام کە ڕێککەوتنامە لەنێوان جەلال تاڵەبانی و کەریم ئەحمەد بەیاننامەی ڕاگرتنی شەڕیان بڵاوکردەوە دیلەکان ئازاد کران(ڕشید، ٢٠٠٤، ص٤٢-٧٧).

دوای ئەم ڕووداوە شیوعی، حسك و پدك کۆبونەوە چەندین بڕیاری گرنگ درا یەکێکیان بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەی سەربازی درا یەکێکیان حەمید یوسف ڕواندزی بوو لە کۆمیتە بوو ( فاتح، ١٩٩٤، بەرگی سێیەم، ٣٠٢-٣٠٥) لە شەوی ١٣ی کانوونی یەکەمی١٩٨٢ هێزێکی پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق هێرشیان کردە سەر ڕەبایەکی سوپای عێراق لەسەر ڕێگەی بێخاڵ، کە زیانی زۆریان لە دوژمندا، لە هێرشەکەدا دوو پێشمەرگەی شیوعی شەهید بوون و تەرمیان کەوتنە دەست دوژمن یەکێکیان ناوی یوسف محەمەدەمین ڕواندزی و ئەوی دیکە عەرەب بوو، تەرمەکانیان لەلایەن شارەوانی لە گەردەگەرد بە خاك سپێرادران( مەجروم، ٢٠١١، ل٦٤).

لەساڵی١٩٨٤ پێشمەرگەکانی شەهید خدر کاکیل هێرشیان کرد لە دیانا و زیانێکی زۆر بەر دوژمن کەوت کە نزیکەی(٢٥) سەرباز کوژران و لەهەمان ساڵدا پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر فەوجێك لە گوندی بیرکمەی ناحیەی دیانا و هێزی پێشمەرگە سەرکەوتن لەساڵی١٩٨٧ سریەی شەهید مەلا عوسمان خۆشناو کەمینێکیان لە شەقامی سرێشمە لە گوندی خوینی ناحیەی خەلیفان دانا کۆمەڵێك سەرباز کوژران، لەساڵی ١٩٨٨ حکومەت لە میحوەری ئالانە-خەلیفان هێرشیان کردە سەر ئەم ناوچە پێشمەرگەکانی شیوعی و ینك کە تیپی١٩ی کۆرەك و تیپی ١٢ی سۆران توانیان هێرشی دوژمن بوەستێنن کوژراو و بریندار لە سوپای عێراق هەبوو( محمود، ٢٠١٣، ١١٢-ص١٤٥-١٧٠).

ڕێکخستنەکانی ناوخۆی شار لە چالاکی و ڕاپەرینەکانی ١٩٨٣ و ١٩٨٧ و ١٩٩١ڕۆلی دیاریان هەبوو، تەنانەت چەندین ئەندامی ئەم حزبە بێ سەروشوێن و گیران، توشی ئەشکەنجە و ئازاردانی زیندانیەکانی بەعس بوونەوە، هەروەها پێش ڕاپەرینی١٩٩١چەندین پێشمەرگە نارد بۆ ڕواندز و دیانا تا پەیوەندی بەلایەنگرانەکان بکات و بەشداری ڕاپەرین بکەن وەك گەرانەوەی سالار قادر بەگ و مستەفا حەمەد ئەمین، پەیوەندیان بە ڕیخستنەکان کرد(سالار قادر سەعید، ٢٠٢٤/١٠/٢٧؛ مەهدی ئیبراهیم، ٢٠٢٥/١١/٢٣).

**پێناسەکان**

١- حەبیبە مستەفا مەزهەر: لەساڵی١٩٣٤ لە ڕواندز لە دایکبووە، خوشکی شێخ سلیمان مستەفایە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕواندز تەواو کردووە، لەساڵی١٩٧٨ لەهونەری ناوماڵدا لە شاری هەولێر وەرگیراوە، لەساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی وەرگرتووە، بۆتە مامۆستا و پەیوەندی بە حزبی شیوعی کردووە، لەساڵی٢٠٠٦کۆچی دوایی کردووە.

٢- پەیمانی بەغداد: لەساڵی١٩٥٥ لەنێوان عیراق، تورکیا، ئێران، پاکستان و بەریتانیا بەسەرپەرشتی ئەمریکا بەسترا.

٣- گوندی لۆغان: دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ڕواندز گەلیەکی بچووکە بۆ ماوەیەك بنکەی شیوعیەکان بوو.

٤- گوندی کەلیتە: گوندێکە دەکەوێتە نێوان وەرتە و دەرگەڵە، هۆکاری هەڵبژاردنی بۆ بەستنی کۆنفراس دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەم گوندە دۆستی شیوعییەکان بوون و زۆربەیان لای عزەت دەرگەڵەیی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

پێشمەرگە بوون، ئەم ناوچەیە لە پێشمەرگەکانی بادینان و باڵەك نزیك بوو.

٥- بەرەی جوقد: کورتکراوەی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية)یە، لە ١٢ی تشرینی دووەمی١٩٨٠ دامەزرا لایەنەکان پێکهاتوون لە(حزب البعث الاشتراکی قيادة قطر العراق، الحركة العربية الاشتراكية، الحزب الشيوعی العراقي، الحزب الاشتراکی العراقي، منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق)، لە لایەنی کوردیەکان (ینك و حسك) کە محمود عوسمان واژووی کرد بوو.

کورتکراوەکەی جود، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لەراژان لە نێوان پدك و حزبی شیوعی عێراق و حسك مۆرکرا.

ئەنجام.

١ -لە دوای ساڵی ١٩٥٨، حزبی شیوعی عێراق وەک هێزێکی سیاسیی کاریگەر دەرکەوت و پشتیوانییەکی ڕەهای لە ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم کرد. ئامانجی سەرەکی ئەم پشتیوانییە، پاراستنی سیستەمی کۆماری بوو، تەنانەت لەگەڵ سەرهەڵدانی نیشانەکانی تاکڕەوی لە دەسەڵاتی قاسمدا.

٢ -ململانێی ئایدۆلۆژی و سیاسیی نێوان شیوعی و پارتی لە ناوچەی ڕواندز ڕەنگدانەوەی کێشە گشتییەکانی عێراق بوو. حزبی شیوعی لە سەرەتادا هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول هەبوو، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای کودەتای ١٩٦٣ و سیاسەتە چەوسێنەرەکانی بەغدا، هەردوو لایەنی بەرەو هاوکاری و خەباتی هاوبەشی چەکداری لە ساڵانی شەستەکان و هەشتاکاندا برد.

٣ -پێکهێنانی "بەرەی نیشتمانی" لە نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی، بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەم هاوپەیمانییە لە ناوخۆی ڕیزەکانی حزبی شیوعی لە ڕواندزیشدا ڕووبەڕووی نارەزایەتی بووەوە، چونکە بەعسییەکان پێشتر (لە ساڵی ١٩٦٣) سەرکوتکەرێکی سەختی شیوعییەکان بوون.

٤-ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی حزبی شیوعی لە ڕواندز وەک بڕبڕەی پشتی حزب و شۆڕش کاریان دەکرد. ئەم ڕێکخستنانە بەشدارییەکی کارایان لە ڕاپەڕینەکاندا هەبوو. لەم نێوەندەدا، ژنان ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان لە بواری لۆجستی، گەیاندنی نامە و کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ پێشمەرگەدا هەبوو، کە ئەمەش نیشانەی ئاستی بەرزی هۆشیاریی ڕێکخستن بوو لە ناوچەکەدا.

## سەرچاوەکان.

### چاوپێکەوتن.


بەختیار عەلی عەبدوڵلا عەبدولقادر، سۆران، ٢٠٢٤/٩/٢٥

ڕۆناك حەسەن تاهیر، هەولێر، ٢٠٢٥/١٠/٢٦.

حازم کەریم قاسم کوردە، ڕواندز، ٢٠٢٥/٩/٢٨.

سالار قادر سەعید،هەولێر، ٢٠٢٤/١٠/٢٧.

سەردار حوسین تاهیر، هەولێر، ٢٠٢٥/١٠/٢٨.

عەتیە عەبدولرەحمان مستەفا، هەولێر، ٢٠٢٥/١٢/٢٤.

کەریم تەها سەعید، کاولۆکان، ٢٠٢٤/٩/٢٤.

موسلح سەید جەبار، ڕواندز، ٢٠٢٥/٨/٢٧.

مەهدی ئیبراهیم، ڕواندز، ٢٠٢٥/١١/٢٣)
هاژە شێخ سلێمان، هەولێر، ٢٠٢٤/٩/٣.

**کتێب.**
**بەزمانی کوردی.**


ئەحمەد بانیخێلانی، یادەوەرییەکانم، چاپی دووەم، چاپخانە: کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.
ئەقیلە(ئاڤێستا) رواندزی، یاد و ئافەرین، چاپ: دووەم، بێ شوێنی چاپ، هەولێر، ٢٠٢٢.
ئومێد شێرکۆ شاکر مەجروم، رواندز لە لاپەرەکانی مێژوودا، چاپخانە: شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١.
بەهادین نوری، بەهادین نووری، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانە: تاران، ٢٠١٩.
نەوشێروان مستەفا ئەمین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن دیوی ناوەوەی رووداوەکان کوردستانی عیراق١٩٧٩-١٩٨٣، بەرلین،١٩٩٧.
بەهرۆز گەلالَی، رەسولَ مامەند ٥٠سالَ تەمەن و ٣٣سالَ خەبات، چاپخانە: سەفوەت، سلێمانی، چاپ، دووەم، ١٩٩٨.
تۆفیق فەتاح تۆفیق، حەفتا و شەش سالَ ژیان پەنجا و نۆ سالَ تێکۆشان(بیرەوەریەکانی مەلا حەسەن)، چاپخانە: وەزرارەتی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٨.
پارتی دیموکراتی کوردستنان مەکتەبی سیاسی، هەلَوێستی حزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد١٩٤٦-١٩٧٠، چاپخانە: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٠٧-١١١.
جەلال دەباغ، چەند چەمکێك لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، چاپخانە: کارۆ،٢٠٢٢.
جەمال فەتحولَلا تەیب، بزوووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان(١٩٧٥/٣/٢١-١٩٨٠/١١/٢٨لێکۆلَینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، چاپخانە: شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.
ڕەفیق ڕەحمان مام خول، هەلَوێستی حیزبی شیوعیی عێراق لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٦٣-١٩٧٠، بلاَوکراوەی: ناوەندی ئاشتی، هەولێر، ٢٠٢٣.
زرار سلێمان بەگ دەرگەلَەیی. زرار سلێمان بەگ دەرگەلَەیی، بیرەوەریەکانم، چاپجانە: رەهەند، سلێمانە، ٢٠٠٢.
ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، شانێك بەبن باری نیشتمانەوە، ئامادەکردنی: کرمانج عزەت سلێمان بەگ، چاپ: کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەد خانی، ٢٠٢١.
ژیلوان عەبدولَلا هەلَدنی، ژیلوان عەبدولَلا هەلَدنی، ڕۆلَی حیزبی شیوعی عێراق لە باشووری کوردستان دا(١٩٧٥-١٩٩١)، چاپی دووەم، چاپخانە: ئایدیا، سلێمانی، ٢٠٢٤.
سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی دووەم، چاپخانە: زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠.
سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، حزبی شیوعیی عیراق و مەسەلەی کورد(١٩٣٤-١٩٧٥ لێکۆلَینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە، چاپخانە: کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
سالَح قادر بەگ، سالَح قادر بەگ، ئەزموون و یادەوەری، چاپخانە: ئازادی. بێ شوێنی چاپ و سالَ.
شەپۆلَ فاخیر مێرگە سۆری، زمانی تاوان هاتە قسە، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی، ١٩٩٧.
شوکریە حەمەد ئەمین دیوانە رواندزی، چیرۆکەکانی ژنێك بیرەوەریەکانی شوکریە حەمەد ئەمین رواندزی(دایکی ئامێز)، چاپخانە: بینایی، ٢٠١٤.

عومەر عوسمان، ژیانی کوردێك، ب١-٢، چاپی سێیەم، چاپخانە: حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
عومەر خدر کاکیل، خدر کاکیل(بابۆگرافی)، چاپخانە: ئازادی، ٢٠١٦.
مستەفا چاورەش، یادەوەرییەکان، چاپخانە: سەردەم، ٢٠١٤.
فاروق مەلا مستەفا، فاروق مەلا مستەفا، بیرەوەریەکانم، بەرگی یەکەم، الدار العربية للعلوم ناشيرون، لوبنان، ٢٠١٧.
فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق ١١ی مارتی١٩٧٠-١١ی مارتی١٩٧٤، چاپخانە، منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، وەرگێرانی: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانە: رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
قادر مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی، بیرەوەرییەکانم، چاپخانە: رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.
کەریم ئەحمەد، رێڕەوی تێکۆشان بیرەوەری کەریم ئەحمەد، وەرگێرانی، جەلال دەباغ، چاپ: رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.
کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و هیوای سەربەخۆیی؟، وەرگێران: ئەکرەمی میهرداد، چاپخانە: سەنتەری رێنما، سلێمانی، ٢
محەمەد خدر، محەمەد خدر، پشووی چیا چەمکێك لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەك، چاپخانە: موکری، هەولێر، ٢٠١٢
محمد فاتح، فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان(رووداو و بەڵگەنامە)١٩٧٩، بەرگی یەکەم، چاپخانە: هەڵەبجە، سوید، ١٩٩١.
محمد فاتح، فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان(رووداو و بەڵگەنامە)١٩٨٠-١٩٨١ ، بەرگی دووەم، سوید،١٩٩٢.
محمد فاتح، فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان(رووداو و بەڵگەنامە) ١٩٨٢-١٩٩٠، بەرگی سێیەم، سوید، ١٩٩٤.
مەجید ساڵح، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپخانە: پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢١.
نەجمەدین مامۆ هەریری، بیرەوەریەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، بەرگی یەکەم، چاپخانە: رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

**بە زمانی عەرەبی.**
احمد عبدالعزيز، دور الانصار(الپێشمەرگە) الشوعيون في الكفاح المسلح في كردستان العراق(١٩٧٨-١٩٩٩١)، المطبعة: ازادي، اربيل، ٢٠١٣.
أحمد عبدالعزيز محمود، تاريخ الاتحاد العام لطلبة كردستان-العراق، بدون مكان طبع، ٢٠١٧.
احمد عبدالعزيز محمود، نضال الرفيق عزيز محمد السكرتير العام السابق للحزب الشيوعى العراقى أعلى صوتا من الكلمات، مطبعة: ازادي، ٢٠١٣.
سيف عدنان القيسي، سيف عدنان القيسي، الحزب الشيوعي العراقي في عهد البكر١٩٦٨-١٩٧٩، الناشر: دار الحكمة، لندن، ٢٠١٤.
سمير عبد الكريم، سمير عبد الكريم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق، (١٤تموز١٩٥٨-٨شباط١٩٦٣)، الجزء الثاني، دار المرصاد، بيروت، ص٤٥
سامى شورش، كردستان و الاكراد الحركة القومية و الزعامة السياسية ادريس بارزانى...نموذجآ، مطبعة: رۆژهەڵات، اربيل، الطبعة، الثانية، ٢٠١٩.

صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السايي الحديث"الحركات الماركسية)١٩٢٠-١٩٩٠، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.
شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق، مطبعة: وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦.
عبدالرزاق الحيسني، تاريخ الوزارت العراقية، الجزء التاسع، الطبعة السابعة، افاق العربية، بغداد، ١٩٨٨.
عبدالفتاح علي البوتاني، موقف الحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٧.
قادر رشيد، قادر رشيد، پشتأشان بين الآلام و الصمت، الترجمة: دارا، سويد، ٢٠٠٤
فايز الخفاجي، الشوعية تحت ظلال الرصاص أشهر الاغتيالات السياسية لشوعي العراق(١٩٥٨-٢٠٠٥)، دارقناديل، بغداد، ٢٠١٨.
فايز الخفاجي، الحرس القومي ودوره الدموي في العراق جرائم اول ميليشيا في تاريخ العراق المعاصر عام١٩٦٣، الطبعة الثانية، دار سطور للنشر و التوزيع، بغداد، ٢٠١٦، ص٢١-٦٢؛
محمد حسين الزبيدي، محمد حسين الزبيدي، ثوره ١٤تموز١٩٥٨ في العراق اسبابها و مقدماتها و مسيرتها و تنظيمات الضباط الاحرار، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٢.
نوري عبد العاني ، علاء جاسم محمد العربي، تاريخ الوزارات العراقية فى العهد الجمهوري ٧شباط١٩٥٩-١٣تموز١٩٥٩، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، المطبعة: بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٥.
كاظم حبيب، بروانهكاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين العراق في العهد الجمهوري، الكتاب السابع، مطبعة: اراس، اربيل، ٢٠١٣.

**نامەی بلاَنەکراوە.**

سروه قادر سمایل، : سروه قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان-عێراق١٩٨٠-١٩٩٠ (توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییه)، نامەی ماستەری بلاَونەکراوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە کۆمەلاَیەتییەکان/زانکۆی کۆیە کراوە، ٢٠١٠.

**ڕۆژنامەکان.**

**بە زمانی کوردی.**

ئازادی (ڕۆژنامە)، ژ٥٢، ١٩٦٠/١/١؛ ئازادی(ڕۆژنامە)، ژ٢، ساڵی دووەم، ٥ ئایاری١٩٦٠.

**بەزمانی عەرەبی.**

ئازادی(الجريده)، ع٦، ١٩ نيسان١٩٦٠.
الشراة(الجريده)، ع١، السنة الاول، كانون الثانى ١٩٨٢.
الوقائع العراقية، ع٧٧١، ١٨شباط١٩٦٣

Sources.
meet.
Bakhtiar Ali Abdullah Abdulqadir, Soran, 25/9/2
Ronak Hassan Tahir, Erbil, 26/10/2
Hazim Karim Qasim Kurda, Ruandz, 28/9/2
Salar Qadir Saeed, Erbil, 27/10/2
Sardar Hussein Tahir, Erbil, 28/10/2

Atiya Abdulrahman Mustafa, Erbil, 24/12/2
Karim Taha Saeed, Kawlokan, 24/9/2
Mosleh Sayed Jabar, Ruandz, 27/8/2
Mahdi Ibrahim, Ruandz, 23/11/2025)
Hazha Sheikh Sulaiman, Erbil, 3/9/2

book.
in Kurdish.
Ahmad Banikhelani, Yadawarikanm, 2nd edition, Karo Printing House, Sulaimani,
Aqila (Avesta) Rwandzi, Yad u Afrin, Chap: 2nd, Be Shuni Chap, Erbil,
Omid Sherko Shakir Majrum, Rwandz in the pages of history, Shahid Azad Hawrami, Kirkuk, 2011.
Bahadin Nuri, Bahadin Nuri, Volume 2, Second Edition, Printing House: Tehran,
Nesrin Mustafa Amin, Nesrin Mustafa Amin, Fingers Break Each Other's Inner Side of Events Iraqi Kurdistan 1979-1983, Berlin, 1997.
Bahroz Galali, Rasul Mamend 50 years old and 33 years old struggle, Printing House: Safuat, Sulaimani, Second Edition,
Tofiq Fatah Tofiq, Seventy-Six Years of Life and Fifty-Nine Years of Struggle (Memoirs of Mullah Hassan), Printing House: Ministry of Culture, Erbil, 2008.
Kurdistan Democratic Party (KDP) Political Bureau, Position of Iraqi Political Parties on the Kurdish Issue 1946-1970, Printing House: Ministry of Education, Erbil, 1997, pp. 107-111.
Jalal Dabagh, Some Concepts of My Memories, Volume 1, Karo Printing House,
Jamal Fathullah Tayeb, Kurdish Liberation Movement in South Kurdistan (21/3/1975-28/11/1980), a political historical study, Shahab Printing House, Erbil, 2012.
Rafiq Rahman Mam Khol, Position of the Iraqi Communist Party in the Kurdish Liberation Movement 1963-1970, Published by: Nawndi Ashti, Erbil,
Zrar Sulaiman Beg Dargalayi. Zrar Sulaiman Beg Dargalayi, Birwarikanm, Chapjana: Rahand, Sulaimani,
Zhinwari Ezzat Sulaiman Beg Dargalayi, Shanek Baben Bari Nishtimanwe, Prepared by: Kurmanj Ezzat Sulaiman Beg, Published by: Ahmad Khani Cultural Society,
Zhilwan Abdullah Haldni, Zhilwan Abdullah Haldni, The Role of the Iraqi Communist Party in South Kurdistan (1975-1991), Second Edition, Idea Printing House, Sulaimani,

Sayed Kaka, Birwari Peshmergayek, Chapi 2, Printing House: Salahaddin University, Erbil, 2000.
Sarwar Abdulrahman Omar, Iraqi Communist Party and the Kurdish Issue (1934-1975), a historical-political study, Printing House: Karo, Sulaimani,
Salih Qadir Beg, Salih Qadir Beg, Experience and Memory, Azadi Printing House. Without place of print and year.
Shapol Fakir Merga Sori, Zamani Tawan Hata Qasa, Be Shuni Chap, Sulaimani,
Shukriya Hamad Amin Diwana Rwandzi, Stories of a Woman Memories of Shukriya Hamad Amin Rwandzi (Dayki Amez), Printing House: Binayi,
Omar Osman, Kurdish Life, B1-2, 3rd Edition, Haji Hashim Printing House, Erbil,
Omar Khadr Kakil, Khadr Kakil (Bibliography), Azadi Printing House,
Mustafa Chawrash, Memories, Printing House: Sardam,
Farooq Mullah Mustafa, Farooq Mullah Mustafa, My Memories, Volume 1, Al-Dar Al-Arabiya for Nashirun Sciences, Lebanon,
Faraidun Abdulrahim Abdullah, Political Situation in Kurdistan-Iraq, March 11, 1970-March 11, 1974, Minara Printing House, Erbil, 2008.
Phoebe Mar, New History of Iraq, translated by Hama Sharif Hama Gharib and Sherko Ahmad Hawez, Rojhelat, Erbil, 2011.
Qadir Mullah Ahmad Dargalayi, Birwarikanm, Rojhelat Printing House, Erbil,
Karim Ahmad, Rerawi Tekoshan Birwari Karim Ahmad, translated by Jalal Dabagh, published by Rahand, Sulaimani,
1. Chris Cochera, Kurdish Nation Movement and Hope for Independence?, translated by Akrami Mehrdad, Renma Center, Sulaimani
Mohammed Khadr, Mohammed Khadr, Mountain Holiday Concept of a Peshmerga's Memories, Printing House: Mukri, Erbil, 2012
Mohammed Fatih, Fatih Rasul, Chand Laparayek Lamejwi Khabati Geli Kurdman (Rudaw u Documents) 1979, Volume 1, Printing House: Halabja, Sweden,
Mohammed Fatih, Fatih Rasul, Chand Laparayek Lamezwi Khabati Geli Kurdman (Rudaw u Documents) 1980-1981, Volume 2, Sweden,
Mohammed Fatih, Fatih Rasool, Chand Laparayek Lamejwi Khabati Geli Kurdman (Rudaw u Documents) 1982-1990, Volume 3, Sweden, 1994.
Majid Salih, Nusrewan Mustafa Amin, Printing House: Piramird, Sulaimani,

Najmadin Mamo Hariri, Birwarikani Najmadin Mamo Hariri, Volume 1, Rojhelat Printing House, Erbil, 2009.

in Arabic.
Ahmad Abdulaziz, The Role of the Communist Ansar (Peshmerga) in the Armed Conflict in Iraqi Kurdistan (1978-19991), Azadi Printing House, Erbil,
Ahmad Abdulaziz Mahmoud, History of the General Union of Kurdistan-Iraq Students, out of print,
Ahmad Abdulaziz Mahmoud, Nizal Rafiq Aziz Mohammed, Former Secretary General of the Iraqi Communist Party, Azadi Printing House,
Saif Adnan al-Qaisi, Saif Adnan al-Qaisi, The Iraqi Communist Party in the Baker Covenant 1968-1979, Publisher: Dar al-Hikma, London,
Samir Abdul Karim, Samir Abdul Karim, Clashes on the Communist Movement in Iraq, (July 14, 1958-February 8, 1963), Part II, Dar al-Mursad, Beirut, p
Sami Shorsh, Kurdistan and the Kurds, the National Movement and the Political Leadership Idris Barzani...Edition, Rojhelat, Erbil, Printing, Second Edition,
Salah al-Khursan, Pages from the Modern History of Iraq, the Marxist Movements, 1920-1990, Al-Arif Publishing House, Beirut, Lebanon,
Shirzad Zakaria Mohammed, Kurdish National Movement in Iraqi Kurdistan, Ministry of Education, Erbil, 2006.
Abdul Razzaq al-Haisni, Tarikh al-Wazart al-Iraqiyah, Al-Jaza al-Tas', Seventh Edition, Arabian Horizons, Baghdad,
Abdul Fattah Ali al-Butani, The Position of Iraqi Political Parties in the Kurdish Issue 1946-1970, Khani Printing House, Duhok,
Qadir Rashid, Qadir Rashid, Pashtashan Between Alalam and Silence, translated by: Dara, Sweden,
Faiz al-Khafaji, Communism under the shadow of the months of political assassinations of the Iraqi Communists (1958-2005), Darqnadil, Baghdad,
Faiz al-Khafaji, National Guard and the Democratic Period in Iraq The First Crimes of Militia in Contemporary Iraq 1963, Second Edition, Dar Satur Publishing and Distribution, Baghdad, 2016, pp. 21-62;
Mohammed Hussein al-Zubaidi, Mohammed Hussein al-Zubaidi, Revolution of July 14, 1958 in Iraq, its causes, precedents, directions and organizations of the Free Officers, Dar al-Hurriya Printing House, Baghdad,

Nuri Abdul Aani, Alaa Jassim Mohammed al-Arabi, History of Iraqi Ministries in the Republican Covenant, February 7, 1959-July 13, 1959, Part II, Second Edition, Printing House: Bit Al-Hikma, Baghdad,
See Kazem Habib, See Kazem Habib, For the Twentieth Century Iraq in the Republican Covenant, Book Seven, Aras, Erbil, 2013.
Unpublished letter.
Sarwa Qadir Smail, : Sarwa Qadir Smail, Experience of Front Work in Kurdistan-Iraq 1980-1990 (Historical-Political Research), Unpublished Master's Thesis Submitted to the Council of College of Social Sciences/Koya University,
The newspapers.
in Kurdish.
Azadi (newspaper), No. 52, 1/1/1960; Azadi (Newspaper), No. 2, Year 2, May 5,
in Arabic.
Azadi (Al-Jarida), A6, 19 April
Al-Shara'a (Al-Jaridah), A1, Al-Sunnah al-Awwal, December
Al-Waqi' al-Iraqiyya, A771, 18 February

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣